# هاوڕێیانی( چاک) م لەجیاتی بەدادگاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و جینۆساید یەکتری دادگایی دەکەن!.

ئەمیر قادر

hangau@gmail.com



هاوڕێیانی بەڕێزی چاکم لەسەر تۆڕی ئنتەرنێت ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردۆتەوە ،کەگوایە بەشی دووەمی دادگای کۆمیتەی سویسرا کەلەسەر نارۆشنی یان نادیاری بڕی 1000 دۆلار کەوتۆتە ناویانەوە دادگایان بۆیەک داناوەو،ئەم دادگایە بەجارێک و بەنەهێنی یان لەچوارچێوەی ڕێکخراوەکەدا چاک نەبووە بۆیە ئەم جارە بەشی دووەمی دادگاکە بەعەلەنی لەسەرتۆڕی پاڵتۆک لە ڕۆژی 17ی مانگدا بەڕیوەدەچێت ،دراماکە هێشتا تەواونەبووە،یەکێک لەهاوڕێیانی چاک لە سایتی کوردستان نێتدا بابە تێکی زۆر سەیری نووسیوە و تیادا باسی ئەوە ئەکات کەچاک بەمکارە تازەیەی و بەم داهێنانەی دەسەڵاتی کوردی شەرمەزاردەکات ،نووسەری باسەکە هەرچی قینی خۆی هەیە لەدەسەڵات قڵپیدەکاتەوە و چەند نقورچ لەلایەنێکی کێشەکەدەدات و دەستێکی نەرم بەلاکەی تردادەهێنێ و لەوشەربەتی قینە و لەم تورەکە سیحراویەدا ئەم داهێنانە بۆچاک دەدۆزێتەوە کە ئێمە <u>شەفاین و داهێنەرین</u> ! . نوسینی تاکەکەسێک دەکرێت ڕای خۆی بێت و هیچ نابێتە جێی قسە،وێڕای ئەوەی لەژێر ئەم بەڕەیەدا شتێک هەیە ،بەڵام ڕاگەیاندی هاوڕێیانم کە بۆ بەداگاگەیاندنی تاوانبارانی ناوخۆو ناساندنی جینۆسایددروست بوون و سەری زمانو بنی زمانیان دادگایی تاوانباران و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی و مافی مرۆڤە و چاکیش بەهۆی دەوری لەچەند پرۆژەی گرنگدا ناوێکی بۆخۆی داگیرکردووە،منیش لانی کەمی 4ساڵ لەسەردۆزی تاوانبار کارمکردووە سەدان کاتژمێرو ژیان و ماڵی خۆم خستۆتەپێناوی و چەندین دۆستی ترو کەسانی هۆڵەندیش دەوریانبووە و کاتو ژیانی خۆیان بۆتەرخانکردووە،ئەم هەواڵەم هەم لاسەیربوو هەم لامبووبەپرسێکی سەیر! لەدوای دۆزی فرانس ڤان ئانرات سەدان تاوانبارو کۆمپانیا ناویان دەرکەوت کەبەشداربوون یان هاوکاربوون لەجینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا و ئێستا وێڕای دادگای مەدەنی لەدۆزی تاوانبار فرانس ڤان ئانراتدا دوو کۆمپانیای ترمان خستۆتە ژێرلێکۆڵینەوەو شکاتەوە،دەیان کۆمپانی ئەمریکی سویدی ،سویسری،ئەڵمانی،،،،هتد،و سەدان تاوانباری ئازاد و دەست سوور بەخوێنی قوربانیەکان لە شەقامەکانی ئەوروپاو سلێمانی و هەولێروکەرکوکدا بە حیمایەوە دێن و دەچن،گەلۆ ئەمە چ قوڕێکەچاک تێی کەوتووە؟ئەمە چ پلانێکە خۆمان بۆ خۆمانمان سازکردووە؟،چەک و پارەمان هەبووایە پشت ئاشانێکی ترمان سازدەدا و دواتر هەرخۆشمان دەمان نووسی ، (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن ! ) . ئەمە چی داهێنانێکی تازەی ڕۆژهەڵاتیانەیە ،لە دونیای ڤێرتوێڵی پشت کۆمپوتەرەکانەوە کەدەستمان بەیەک ناگات ئاوابەیەکدەکەین ،و دادگایەکی ڕۆژهەڵاتی و خوێن و سێدارە لەچاوداسووربوو هەڵدەخەین،کێ دادوەرو کێ پارێزەرو کێ تاوانبارو پاڕیزەری گشتیە؟بنەمای یاسکانمان گریکن یان ئیسلامین؟.ئەم سینارۆیە لای دۆستەئەوروپی و هۆڵەندیەکانمان باسبکەین بۆهەتاهەتایە خۆمان ئەکەینە گاڵتەجاڕ،چەند هاورێ کەبەیەکەوە کاردەکەن و بەئارەزووی خۆیان هاتوون و لەسویسرایەکدا کەسەدان ساڵە نەفرەتی لەشەڕ کردووە بۆکارگەیشتە ئەوە؟

بارودۆخی دوای کۆنگرەی کۆڵن ی ساڵی 2006 و ئەودەسەتکەوتانەی کەچاک خۆی لەسەربنیاتنابوو وە خۆش ناوی چاک بەتایبەت دوای دۆزی زیاتر لە 3 ساڵی فرانس ڤان ئانرات،کەئەزموونێکی تازەبوو لەناو ئەو هەموو دڕکستانەدا چاک

خەریکبوو دەپشکووت و دەبوو بەخاوەنی عەقڵ و ڕێڕەوی خۆی و تاکەڕێکخراوی جەماوەری سەربەخۆ،کۆنگرە بەداخەوە نەیتوانی ببێتە مەیدانێک بۆ ساغکردنەوەو پووخت کردنەوەی چاک و لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی زۆری و بۆری و هێنان و شەریک کردنی کەسانێک لەم پرۆژەیەدا کە هیچ دەورێکیان نەبووە بە ئێستاشەوە جگە لەئاژاوەنانەوە لەناوچاکداو خۆمەڵاسدانیان و ژیانیان لەسەر دەستکەوتەمەعنەویەکانی چاک و دەست گرتن و خۆمەڵاسدانیان بەکورسیەکانی دەسەڵاتەوە لەچاکدا و وە بەڕاست و چەپدا خراپ کەڵک وەرگرتن لەم ڕێکخراوە و بوونی کەسانێکی نائاوێتەو هیچ فێرنەبوو لەئەم هەموو زانیاری و دونیای ڕۆژئاواو داهێنان و سیستەمەدا و قەناعەت کردن بە داهاتی سۆسیال و کونجی ماڵ و پشتی کۆمپیوتەرو شەڕە دەنوکی سەرهەندێ سایت و خۆ بەدۆنکیشۆت دانان و لەولاشەوە بوونی کەسانێک کەلەم ڕێکخراوە نارێکخراوەدا و لەم شەڕی ڕێکخراوەدا دۆشەکەڵەیەکیان بۆخۆیان گرتووە و لەم ئاوەی کە خۆیان لەسەرەوە لێڵیان کردووە خەریکی ڕاون. چاک لەهەرولاتێکدا تووشی کێشەبووە و کێشەی بۆسازکراوە،ئۆرگانەکانی لەکارخراون،ڕەوتێک بە فەوزانانەوەو ژیان لەسەر ئەم فەوزایە بەناوی سیاسەتکردنەوە خەریکی خۆبەخاوەنی چاک کردنە ، ئەو نووسین و کارانەی کەنوقڵانەی شەڕی کۆمیتەکانی بەداهێنان ناوبردووە و لەزەت لە یەکتری شکاندنی هاوڕێیان وەردەگرێت ناتوانێت فکرو تێگەیشتنی بچێتە دەرەوەی فۆمی(هاوارو هاوارو مەقولەی شەرمەزاری و شەرەف و بێشەرم، ، ،زۆریتر کەڕەنگە لای وردەواڵەفرۆشەکانی کوێرەدێیەکیش دەستنەکەون و دانسقەبن) و دەیەوێت لەبێهێز کردنی ئەندامەکاراکانەوە خۆیان بەبالأبریێت و چارەنووسی خۆی لەم فەوزایەدا درێژەپێبدات شوێنی باسی من نیە من لەم بارەیەوە بەپێی پێویست قسەم کردووە،ڕووی قسەی من لەسەر ئەو هاوڕێیانەیە کە کۆمەڵگای مۆدێرنی و داهاتووی کوردستان و ئەم دۆزەو بەدەرکەوتنی سەرەداوی تاونباران و قەبارەی تاوانەکە داوی کاریان لێ دەکات. چاک کەم تاوانبار لەبەرانبەریدا نەوەستاوە و کەم کاری نیە کاری خۆتان و کاتی کەمی خۆتان لەم کێشە ناوخۆیانەدا کە تەڵەن و بۆتان دادەنرێن مەکوژن ،ئینسانانە پێکەوە کارەکان و کێشەکانتان چارەسەربکەن باپەنجەکان یەکدی نەشکێنن تەنها فەوزاوئاژاوەگێڕەکان کەهیچیان بۆ خۆمانو داهاتوو پێنیە لەمە سوودمەنددەبن ،ئەم فەوزایە سەرتان دەخوات و هێڵێکی ڕاست و چەپیش دەبێت بەسەر ئەو چەند بەردەی کە بەتەنها بەزەحمەت و گیرفانی خۆمان و منداڵەکانمان خستومانەتە سەریەک.